

**ژاکا**

## چاویلکەی عیشق

ئەمشەو تۆی و
چاویلکە پاکییەکانی ڕووحم
نەم دەتوانی بێ چاویلکە
بت بینم و

هەستت پێ بکەم
ئەمڕۆ مرۆڤایەتیم
لەپێناو هەوەسێکی سپڵەدا
دیت,

کەچۆن لەت لەت دەبێ

چاویلکەکانم دانان و
دیتم چلۆن
وەهمێکی تەڕ
وشکایی ڕووحمی نم دایە,
دیتم چلۆن خۆشەویستی
درۆ درۆ تێک دەشکا

چاویلکەکانم دانان و
دیتم چلۆن بێ دەستەڵات
ڕووتی کردم عیشقێکی پووچ
پاکیم دیووە لەحەوت ئاسمان,
کەچەندە بێ ئەستێرەیە.

چاویلکەکانم داناون,
تابلۆیەکی پڕ تەرحی مێژووم دیتەوە
لەخۆم وایە بێ درۆیە,
بەڵام ئەوە مێژوو بەمێژوو باوان

درۆ مێژوویەکی تاڵی بۆ ساز کردووی
بۆ شاعیرێکی وەك من
بێ دەستەڵات و دڵشکاو
دونیا زیندانە زیندان

دیسان من مام و چاویلکە عیشقاویەکەم.
(بۆ دواجار چاویلکەکە م دانا)
منێکی ڕووت
ڕووحێکی تێک شکاو
وەهمێکی تاڵ
تۆیەکی پڕ درۆم بینی

هەزار تۆبە لەچاویلکە.

**2015/6/14**
**مهاباد**

**ژاکا**